**Göteborgs grundskoleförvaltning**

Göteborgs Stad



# بەخێربێن بۆخوێندنگا!

وا چاکە بیزانیت کاتێک منداڵەکەت دەست دەکات بە خوێندنگا.

Welcome to the school! In this brochure we've put together information which is worthwhile knowing before your child begins at the school in the autumn. You can read more on www.goteborg.se/borjaskolan

أهلا وسهلا بكم في المدرسة! قمنا في هذا الكتيب بتجميع معلومات يجدر بك معرفتها قبيل بدأ طفلك المدرسة خلال فصل الخريف الدراسي. بإمكانك قراءة المزيد على الرابط www.goteborg.se/borjaskolan

Dobro došli u školu! U ovoj brošuri smo sakupili informacije koje je dobro poznavati prije nego što vaše dijete krene na jesen u školu. Možete pročitati više na web stranici www.goteborg.se/borjaskolan

به مکتب خوش آمدید! ما در این جزوه، اطلاعاتی را گردآوری کرده ایم که به پیشوازی اینکه فرزند شما در فصل تعلیمی خزانی مکتب خود را آغاز می کند، دانستن آنها خوب می باشد.
شما می توانید که معلومات بیشتر را در این وب سایت بخوانید: www.goteborg.se/borjaskolan

Tervetuloa kouluun! Tässä esitteessä on kerätty tietoja jotka on hyvä tietää ennenkuin lapsesi aloittaa koulun syksyllä. Voit lukea lisää www.goteborg.se/borjaskolan

به مدرسه خوش آمدید! در این بروشور ما اطلاعاتی را که دانستن آن برای شما که فرزندتان در پاییز مدرسه را آغاز میکند ضروری است جمع آوری کردهایم. در این وبسایت می توانید مطالب بیشتری در این زمینه بخوانید: www.goteborg.se/borjaskolan

Ku soo dhawoow dugsiga waxbarashada! Waxaa aan buuggan yar ku soo uruirney macluumaad aan u aragno in ay fiicantahay in la ogaado ka hor inta aysan carruurtu bilaabin dugsiga waxbarashada sannad dugsiyeedka xiliga deyrta. Waxaa aad macluumaad dheeri ah ka akhrin kartaa mereega intenetka ee www.goteborg.se/borjaskolan

بەخێربێن بۆ خوێندنگا! لەم نامیلکەیەدا کۆمەڵە زانیاریەکمان کۆکردۆتەوە کە وا چاکە بیانزانیت بەر لەوەی منداڵەکەت لە پایزدا دەستکات بە خوێندن لە خوێندنگا! تۆ دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە لە www.goteborg.se/borjaskolan

ናብ ቤት ትምህርቲ እንቋዕ ደሓን መጻእኩም! ውላድኩም ኣብ ዝመጽእ ቀውዒ ትምህርቲ ቅድሚ ምጅማሩ ክትፈልጡዎ ኣገዳሲ እዩ ዝበልናዮ ሓበሬታ ኣብዚ ናይ ሓበሬታ ቈጽሊ ወረቐት ማለት ብሮሹር እዚ ኣስፊርናዮ ኣለና። ብዝያዳ ግን ኣብዚ ዝስዕብ መርበብ ሓበሬታ እዚ ማለት ኣብ www.goteborg.se/borjaskolan ኣንብቡ።

Okula hoşgeldiniz! Çocuğunuzun sonbahar döneminde okula başlaması öncesinde bilinmesini yararlı gördüğümüz bilgileri bu broşürde topladık. Daha ayrıntılı bilgiler için: www.goteborg.se/borjaskolan

# بەخێربێن بۆخوێندنگا!

کاتی ئەوە هاتووە منداڵەکەت دەست بە خوێندنگا بکات، بە ڕاستی هەنگاوێکی سەرنجڕاکێشە! بۆ سەرپەرشتیاران شتێکی ئاساییە پرسیارگەلێک بێتە گۆڕی: ئەرێ لە ڕاستیدا پۆلی پێش خوێندنگا چۆن دەڕوات بەڕێوە؟ ئایا دەتوانێت منداڵەکەم بچێتە خانەی کاتی دەستبەتاڵی (فریتیدس) ؟ ئایا پێویست دەکات من وەک سەرپەرشتیار بیر لە چی بکەمەوە پێش دەستپێکردن بە خوێندنگا؟

ئێمە لەم نامیلکەیەدا کۆمەڵە زانیاریەکمان کۆکردۆتەوە کە بۆ زانین باشە، کاتێک منداڵەکەت لە شارەوانی یۆتۆبۆریدا دەست دەکات بە خوێندنگا. ئێمە کە لە کارگێری خوێندنگا بنەڕەتیەکان کاردەکەین  هیوای ئەوە دەخوازین کە تۆو و منداڵەکەت هەستکەن پێشوازی گەرمتان لێدەکرێت و خۆتان ئامادە بکەن بۆ دەسکردن بە خوێندنگا.



## پۆلی پێش خوێندنگا واتای چی دەگەیەنێت؟

دەکرێت بە دەربڕینێکی سادە پۆلی پێش خوێندنگا وەک گرێدانێک لە نێوان کاری پەروەردەیی دایەنگە و خوێندنگا و شێوازی کارکردنیاندا پێناسە بکرێت. وانەگوتنەوە لە پۆلەکانی پێش خوێندنگادا لەسەر بەردەوامیدان بەو زانیارانە بنیات دەنرێت کە منداڵەکەت لە قۆناغی دایەنگەدا فێریان بووە. بەڵام منداڵەکەت رووبەڕووی ئاڵانگاریش دەبێتەوە کاتێک بە شوێن شتەکاندا دەگەڕێت، فێری زانیاری نوێ دەبێت و بەم شێوەیە ئامادە دەکرێت بۆ بەردەوامیدان بە قۆناغەکانی خوێندن لە خوێندنگا.

دەشێت فێرکردنەکان برەوبدەن بە خەیاڵ، خۆدۆزینەوە و تواناسازی منداڵەکەت بۆ فێربوون پێکەوە لەگەڵ کەسانی تردا. ئێمەش ئەمە لە ڕێگەی یاریکردن و جووڵە و گەڕان بە دوای ڕاستیەکان و شێوازی کارکردنی پراکتیکیەوە ئەنجام دەدەین.

## ئایا منداڵەکەت پێویستی بە خانەی کاتی دەستبەتاڵی (فریتیدس) هەیە؟

ئەگەر تۆ کار بکەیت یان بخوێنیت، ئەوا منداڵەکەت دەتوانێت پێش و/یان دوای کاتی خوێندن بچێتە خانەی کاتی دەستبەتاڵی (فریتیدس). تەنانەت ڕەنگە خوێندکارەکە بە گوێرەی هەندێک هەلومەرجی تریش مافی وەرگرتنی شوێنێکی هەبێت وەک بارودۆخی خێزان یان بەپێی پێداویستییەکانی خوێندکارەکە. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکە بۆ فێربوونی زمانی سویدی پێویستی بە پشتگیری هەبێت یان ئەگەر خێزانەکە لە ڕادەبەدەر لە شوێنێکی تەنگدا بژین. وانەوتنەوە لە فریتیدس و پۆلی پێش خوێندنگا تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتری دەچن، بەڵام دەبێت وانەوتنەوە لە فریتیدس وەک تەواوکەریەک بێت بۆ پۆلی پێش خوێندنگا. تۆ دەتوانیت زیاتر دەربارەی وانەوتنەوە لە فریتیدس بخوێنیتەوە لە www.skolverket.se

بەشداریکردن لە پۆلی پێش خوێندنگا و خوێندنگای بنەڕەتی و خوێندنگای بنەڕەتی تایبەتیدا بە خۆڕاییە، بەڵام دەبێت میرانەیەک بدەیت ئەگەر منداڵەکەت بچێتە فریتیدس. بڕی ئەو میرانەیەی کە دەبێت بدرێت، دەکەوێتە سەر ئەوەی داهاتی خێزانەکە چەندە.

بۆ وەرگرتنی شوێنێک لە فریتیدس بۆ منداڵەکەت ، پێویستە تۆ داخوازیەک پێشکەش بکەیت. ئەگەر دەتەوێت لە دەستپێکی وەرزی خوێندندا گەرەنتی شوێنێکت پێبدرێت، پێویستە تا دوامۆڵەت کە 31ی ئایارە (مای) داخوازیەکەت پێشکەش بکەیت. تۆ دەتوانیت داخوازی پێشکەش بکەیت و زیاتر بخوێنیتەوە لە www.goteborg.se/fritidshem.

### لەبیرت نەچێت کە

ئەگەر ناخوازیت شوێنی منداڵەکە لە فریتیدس بهێڵیتەوە، پێویستە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی یان بە فۆڕمێک هەڵیبوەشێنیتەوە. زیاتر بخوێنەرەوە لە goteborg.se/fritidshem

## کاتێک منداڵەکەت دەست دەکات بە خوێندن

بەشێکی گەورەی شتەکان نوێن، وەختێک کاتی دەستپێکردنی خوێندنگا دێت، ئەمەش بۆ هەردوکتان چ بۆ منداڵەکەت و چ بۆ تۆی سەرپەرشتیار.

## کۆبوونەوەی زانیارییپێدان بۆ سەرپەرشتیاران

خوێندنگای منداڵەکەت پێش دەستپێکی خوێندن بانگهێشتت دەکات بۆ کۆبوونەوەی زانیارییپێدان. لە کاتی کۆبوونەوەکەدا زانیاری لەسەر پۆلەکانی پێش خوێندنگا و فریتیدس لە خوێندنگای داهاتووی منداڵەکەت وەردەگریت. کۆبوونەوە بۆ زانیارییپێدان لە دواهەمین بەشی وەرزی خوێندنی بەهاردا ئەنجام دەدرێت.

## منداڵەکەت دەتوانێت سەردانی خوێندنگا نوێیەکەی خۆی بکات

پێش دەستپێکی خوێندن، منداڵەکەت دەتوانێت لانیکەم جارێک سەردانی خوێندنگا نوێیەکەی خۆی بکات. ئەمەش لە بەشی دواتری وەرزی خوێندنی بەهاردا ڕوودەدات. ئەگەر دەرفەت هەبوو ئەوا مامۆستایەک لە دایەنگەی منداڵەکەتەوە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەچێت بۆ سەردانەکە یان سەردانەکان. بەڵام ئەگەر نەتوانرا ئەوە بکرێت، دەتوانیت خۆت لە جیاتی ئەوان لەگەڵیدا بچیت. دەشێت سەردانیکردنی پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس ئاسانکاری بکات بۆ منداڵەکەت و ئاسوودەتر قوناغی ڕاگوزەر ڕووەو خوێندنگا بۆ مندالەکەت دەستەبەر بکات.



## وتووێژی بەخێرهاتن بۆ ئێوەی سەرپەرشتیاران

تۆ بانگهێشت دەکرێیت بۆ وتووێژی بەخێرهاتن لەگەڵ مامۆستا نوێیەکەی منداڵەکەت. لە میانەی وتووێژەکەدا دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت باسی منداڵەکەتمان بۆ بکەیت.

وتووێژی بەخێرهاتن پێش دەستپێکی خوێندنگا یان کاتێک منداڵەکەت تازە دەستی بە خوێندن کردبێت، ئەنجام دەدرێت، واتە لە نێوان مانگەکانی حوزەیران (یونی) و ئەیلولدا (سێپتەمبەر).

## یەکەمین ڕۆژانی منداڵەکەت لە خوێندنگا

لە کاتی کۆبوونەوەی زانیاریپێدان و وتووێژی بەخێرهاتندا، زانیاریت پێدەگات کە ڕۆژانی یەکەم لە خوێندنگا چۆن چۆنی دەبێت.

هەر منداڵەو تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەنگە پێویستکات یەکەمین کاتی پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی منداڵەکەتدا بگونجێنرێت. ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە گونجانی تایبەت هەبوو، گرنگە خوێندنگا لە کاتێکی گونجاودا ئاگاداری ئەمە بێت. لەو حاڵەتەدا داوا لە پێش خوێندنگای منداڵەکەت بکە بۆت باسکات یان خۆت پەیوەندی بە خوێندنگاکەوە بکە.



# پۆلەکانی پێش خوێندنگا و فریتیدس چۆن بەڕێوە دەچن؟

## هێنان و بردن

دەبێت منداڵەکەت لە میانەی ئەو کاتانەی دیاریکراون لە پۆلی پێش خوێندنگای خۆیدا بێت. ئەگەر منداڵەکەت لە میانەی ڕۆژەکەدا زووتر و/یان درەنگتر پێویستی بە چاودێری هەبێت، بەهۆی ئەوەی کە تۆ کار دەکەیت یان دەخوێنیت، ئەوا هێنان و/یان بردنەوەی منداڵەکە لە فریتیدس دەبێت. پێویستە منداڵەکەت بە درێژایی ڕۆژەکە هەست بە دڵنیایی بکات، بۆیە لە قۆناغی ڕاگوزەری نێوان پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدسدا مامۆستایانی لە گەڵدا دەبن.

## ژەمە خواردنەکان لە خوێندنگا

خوێندکاران هەموویان لە خوێندنگا نانی نیوەڕۆ بەخۆڕایی وەردەگرن. ئەگەر منداڵەکەت پێش و/یان دوای خوێندن بچێتە فریتیدس، نانی بەیانی و نێوانە ژەمیشی دەدرێتێ. ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە خۆراکی تایبەت هەبوو، دەبێت تۆ لەگەڵ کارمەندانی خوێندنگادا قسە بکەیت. ڕەنگە پێدانی خۆراکی تایبەتی بەهۆی بۆ نموونە هەستیاریی، هۆکاری پزیشکی یان ئایینیەوە بێت.

## جلوبەرگ بەپێی کەشوهەوا و چالاکییەکان

بەشێکی وانەوتنەوە لە پۆلەکانی پێش خوێندنگا و فریتیسدا پێکدێت لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندکاران تاوەکو بتوانن پەرە بە جوڵەی خۆش و ئیلهامبەخش بدەن بۆ گەڕان و دۆزینەوەی شتی نوێ.

بۆیە منداڵەکەت پێویستی بە جلوبەرگی گونجاو دەبێت بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە ژوورەوە و دەرەوە هەروکیاندا، بەبێ گوێدانە ئەوەی چ وەرزێکە و کەشوهەوا چۆنە. هەروەها بیر لەوە بکەرەوە کە منداڵەکەت لە خوێندنگا پێویستی بە کۆمەڵە جل و بەرگێک دەبێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە میانەی ڕۆژەکەدا پێویستکات منداڵەکە جلەکانی بگۆڕێت بە جلوبەرگی وشک و خاوێن.



## پشتگیری زمانی دایک و فێرکردنی زمانی دایک

ئەگەر منداڵەکەت زمانێکی دایکی تری جیاواز لە زمانی سویدی هەبێت، دەبێت پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکەت دەرفەتی گەشەکردنی هەردوو زمانی سویدی و زمانی دایکی بۆ بڕەخسێنرێت. ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت  کە مامۆستا بە شێوازی جۆراوجۆر گرنگی بدات بە خوێندکارەکە و داوای  زمانی دایکی بۆ بکات لەو چالاکیانەدا کە ڕۆژانە ئەنجامدەدەرێن.

ئێمە لە شارەوانی یۆتۆبۆری لە پۆلی 1 ی خوێندنەوە فێرکردنی زمانی دایک پێشکەش دەکەین. ئەمە هەموو زمانەکان دەگرێتەوە جگە لە زمانە نیشتمانییە کەمینەییەکان نەبێت کە شاری یۆتۆبۆری وانەوتنەوە لە پۆلی پێش خوێندنگاوە بە زمانی دایک پێشکەش دەکات. زیاتر بخوێنەرەوە لە goteborg.se/modersmalsundervisning

## وەرزەکانی خوێندن و پشوو لە پۆلی پێش خوێندنگادا

ساڵی خوێندن بەسەر دوو وەرزدا دابەشکراوە - وەرزێکی پایزە و وەرزێکی بەهارە. هەموو ئەو خوێندنگایانەی کە لە یۆتۆبۆریدا سەر بە  شارەوانین هەمان کاتیان بۆ ساڵەکانی خوێندن هەیە. واتە هەمووان لە یەک ڕۆژدا دەست بە خوێندن دەکەن و کۆتایی پێدەهێنن و هەموویان لە یەک کاتدا پشوویان هەیە. تەنانەت (خانەی کاتی دەستبەتاڵی) فریتیدس لە ڕۆژانی پشووشدا بۆ ئەو خوێندکارانە کراوەن، کە پێویستیان بە چاودێری هەیە. تۆ دەتوانیت لە www.goteborg.se/lasarstider دا بزانیت ڕۆژانی پشوودان کامانەن.

## داوای مۆڵەتی کورتتر بکە

ئامادەبوون لە پۆلەکانی پێش خوێندنگادا بە تۆپزیە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت منداڵەکەت ئامادەی هەموو وانەکان بێت. بەڵام منداڵەکەت بۆی هەیە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک پشوو وەربگرێت ئەگەر هۆکارێک لە ئارادابێت، وەک بۆ نموونە پشوویەکی تایبەت بە خێزانەکە وەرگرێت یان بۆ جەژنە ئاینیەکان.


ئەوە بەڕێوەبەری خوێندنگایە کە مەزەندەی دەکات کە ئایا منداڵەکەت لە پۆلی پێش خوێندنگادا دەتوانێت پشوو وەربگرێت. ئەگەر تۆ داخوازی پشوو بکەیت، پێویستە فۆرمێک پڕبکەیتەوە کە لەم ماڵپەڕەدا دەیدۆزیتەوە
.www.goteborg.se/grundskola

## لە حاڵەتی نەخۆشیدا دەبێت منداڵەکەت لە ماڵەوە بمێنێتەوە

ئەگەر منداڵەکەت نەخۆش بوو، پێویستە بە نەخۆش تۆماری بکەیت. زانیاری لەسەر چۆنیەتی تۆمارکردن بە نەخۆشی لە مامۆستای خوێندنگا وەردەگریت.

### ئایا دەتزانی کە...

منداڵان هەموویان، لەو وەرزی پایزەوە کە تەمەنیان دەبێت بە شەش ساڵ ئەرکی چوونە خوێندنگایان هەیە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئامادەبوون لە پۆلی پێش خوێندنگا بە تۆپزیە.



## قەدەغە دژبە گوێزەمەنی

هەمیشە هێنان و پێشکەشکردنی گوێز، بادەم و کونجی لە هەموو خوێندنگا کانی شاری یۆتۆبۆریدا قەدەغەیە.

قەدەغەکردنەکە لە ئارادایە چونکی لەوانەیە  گوێز و کونجی کاردانەوەی توند و مەترسیدار بۆ سەر ژیانی ئەو کەسانە دروست بکەن کە هەستیارییان هەیە. مەترسی تێکەڵکردنی گوێز لەگەڵ بادەم بە هاڕڕاوی یان وردکراوی گەورەیە، بۆیە قەدەغەکردنەکە بادەمیش دەگرێتەوە. قەدەغەکردنەکە هەموو ژوورەکانی ناو خوێندنگا دەگرێتەوە.

# خوێندنگای کولتوری (کولتورسکولان) لە کاتی دەستبەتاڵیدا خۆشە و خوڵقێنەرە

Det år ditt barn fyller sex år kan du anmäla hen till Kulturskolan. Här kan ditt barn lära sig att sjunga, dansa, arbeta med film, bild, keramik, cirkus, spela teater eller ett instrument och mycket mer. På fritiden! Läs mer på goteborg.se/kulturskolan

You can enroll your child in Kulturskolan when they reach the age of six.  Your child can come here to learn how to sing, dance, work with film, art, circus, play theatre or an instrument and much more. In their spare time! Read more on goteborg.se/kulturskolan

Lapsesi täyttäessä kuusi vuotta voit ilmoittaa hänet kulttuurikouluun (Kulturskolan). Siellä lapset oppivat esimerkiksi laulua, tanssia, filmityötä, kuvataidetta, sirkusta, näyttelemistä tai soittamista eri instrumenteilla, ja paljon muutakin. Toiminta tapahtuu lasten vapaa-ajalla! Lisätietoa on osoitteessa goteborg.se/kulturskolan.

زاوآ دناوت‌یم امش کدوک اجنیا رد .دینک مان تبث Kulturskolan رد ار وا دیناوت یم ،دش هلاس شش امش دنزرف یتقو
تقو رد .دزومایب ار رگید یاهزیچ رایسب و زاس ای رتائت یزاب ،سکرس ،سکع ،ملیف اب راک ،ندیصقر ،ندناوخ
. goteborg.se/kulturskolanدیناوخب رتشیب یتنرتنا ٔهحفص نیرد !غارف

.نالوكس روتلوك ةفاقثلا ةسردم يف هليجست بلطت نأ كناكمإبف رمعلا نم تاونس تس كلفط غلبي امدنع
نم ريثكلاو ةادأ ىلع وأ حرسملاو كريسلاو مسرلاو مالفألا يف لمعلا ،صقرلا ،ءانغلا ملعتي نأ انه كلفطل ناكمإب
goteborg.se/kulturskolan يلاتلا طبارلا ىلع ديزملا أرقا !غارفلا تاقوأ يف .ىرخألا رومألا

Kada vaše dijete napuni šest godina, možete ga prijaviti u školu kulture Kulturskolan. Ovdje vaše dijete može naučiti pjevati, plesati, raditi sa filmom, slikama, cirkusom, glumiti ili svirati instrument i još mnogo toga. U slobodno vrijeme! Pročitajte više na goteborg.se/kulturskolan

کدوک اجنیا رد .دینک مان تبث Kulturskolan گنهرف هسردم رد ار وا دیناوت یم ،دش هلاس شش امش دنزرف یتقو
یاهزیچ یلیخ و زاس نتخاون ای رتات رد یزاب ،کریس ،سکع ،ملیف اب راک ،ندیصقر ،ندناوخ زاوآ دناوت یم امش
.دیناوخب رتشیب هراب نیا رد goteborg.se/kulturskolan تیاسبو رد !تغارف تاقوا رد مهنآ .دزومایب ار رگید

Markii ilmahaagu 6 sano buuxiyo waxaad ka qori kartaa dugsiga dhaqanka (Kulturskolan). Wuxuu halkaan il-mahaagu ka baran karaa inuu heeso, qoob ka ciyaaro, ka shaqeeyo filin, sawirro, golo ciyaareed (siirkus), riwaayad ciyaaro ama qalab muusiig iyo waxyaabo kale. Wakhtiga firaaqada ah! Kasii akhri goteborg.se/kulturskolan

یروتلوک یاگندنێوخ ۆب تیسونب یوان تیناوتەد ۆت اوەئ ەوەتاکەدڕپ ڵاس شەش تەکەڵادنم کێتاک
،ملیف رەسەل ندرکراک ،ندرکامەس ،نتو یناروٚگ یریێف تێناوتەد تەکەڵادنم هریێل .(نالوکسروتلوک)
یتاک لە .تێبب شیرت یتش رۆز و کیزوم یکێرێمائ ینینەژ نای یرەگۆناش ،کریێس ،ناشێکەنێو
goteborg.se/kulturskolan. :لە ەوەرەنێوخب رتایز ەمەب تەرابەس !ادیڵاتەبتسەد

ውላድካ ሽዱሽተ ዓመት ምስ መልአ ኣብ ቤት ትምህርቲ ባህሊ ክተመዝግቦ ትኽእል ኢኻ። ኣብዚ ቤት ትምህርቲ እዚ ድማ ውላድካ ምድራፍ፡ ሳዕስዒት፡ ምስራሕ ፊልም፡ ስእሊ፡ ሰርከስ፡ ትያትር ወይ መሳርሒ ምጽዋትን ካልእ ብዙሕን ክመሃር ይኽእል። ኣብ ትርፊ ግዜኹም! ተወሳኺ ኣብ goteborg.se/kulturskolan ኣንብቡ።

Çocuğunuz altı yaşına geldiğinde onu Kulturskolan'a kaydettirebilirsiniz. Burada çocuğunuz şarkı söylemeyi, dans etmeyi, film çekimi, resim, sirk, tiyatro üzerine çalışmayı, enstrüman çalmayı ve çok daha fazlasını öğrenebilir. Boş vaktinde! goteborg.se/kulturskolan adresinden daha fazla bilgi edinebilirsiniz.

## کارگێڕیی خوێندنگا بنەڕەتیەکان چی یە؟

کارگێڕیی خوێندنگا بنەڕەتیەکان بەرپرسیارە لە کاروبارو چالاکییەکانی ناو خوێندنگاکانی سەر بە شارەوانی لە پێش خوێندنگاوە تا پۆلی نۆی بنەڕەتی، خوێندنگای تایبەتی بنەڕەتی و(خانەی کاتی دەستبەتاڵی) فریتیدس. ئێمە پێکەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی باشترین هەلومەرج بۆ هەموو خوێندکاران دابینکەین، لە هەموو خوێندنگا کانی شارەوانی یۆتۆبۆریدا، بۆ ئەوەی دەرفەتی ژیانێکی باش فەراهەمکەین.

ئێمە ڕێگا بۆ خوێندنگاکانی ئاینده خۆش دەکەین.

## ئایا شتێک هەیە کە تۆ بیری لێبکەیتەوە؟

لەو حاڵەتەدا تۆ دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت بە:

تەلەفۆن
031-365 09 60 (سەنتەری پەیوەندیەکان)

ئیمەیڵ
grundskola@grundskola.goteborg.se

تەنانەت دەتوانیت زانیاریش بدۆزیتەوە لە:
goteborg.se/grundskola



Grundskoleförvaltningen Göteborgs Stad 2023